**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣٨**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٩/٢٩**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٨)ی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٨ )ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرمبەریانە:

١) **هەرێم**: هەرێمی کوردستانی –عیراق.

٢) **ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق.

٣) **دەستە**: دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان.

٤) **سەرۆکی دەستە**: سەرۆکی دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان.

**ماددەی دووەم:**

لە هەرێمدا، دەستەیەکی گشتی بە ناوی دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان دادەمەزرێ و بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێ وفرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا، لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێ بە مەرجێ شارەزاییەکی تەواوی لە نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکاندا هەبێ و، لە کەمییش بروانامەی خوێندنی زانکۆیی هەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم دەستەیە بوجەی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجەکەل وئیشەکانی:

رەخساندنی هەلومەرجی لە بار بۆ راکێشان و دنەدان وچاودێری کردنی کۆمپانیاو دامودەزگاگەلی محەللی وبیانی تا دارایی خۆیان لەم بوارو پرۆژانەی خوارەوەدا وەبەربهێنن:

١–دۆزینەوەو بەرەوچاکتربردنی کیلگەکانی نەوت وگاز.

٢–گواستنەوەی نەوتی خاووگازی سروشتی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-پالاْوتنى نەوتى خاووگاز.
٤- گواستنەوەو دابەشكردن و وەبازاڕگەياندنى بەروبوومى نەوتين وگاز.
٥-فراژوكردنى كەرتى خزمەتگوزاريى نەوت وگاز.

**مـاددەى پـيْـنـجـەم:**

ئەرك وفەرمانى دەستە:

١-كاروبـارى تايبـەت بـە بوارگـەل وپرۆژەكـانى ماددەكـەى سـەرەوە، بەهاودەنگى لـە گـەلْ كۆمپانيـاو دامودەزگاى محەللى وبيانى وئەوانەشيان كە حەز بە هاوكۆمەكى دەكەن يان هەر لە هەريْمدا ئيش دەكەن، سازبدريْن وبەرەوپيريانەوە بچن ودانوستاندنيان لەگەلْدا بكەن و،پيْكهاتن وكريْبەستيان لەگەلْدا مۆربكـەن، يـان سەرپەرشتييان بكەن، يان تا جيْبەجيْكردنيان بەدووياندا بچن و، كاروبارەكانيش بە هاودەنگى لە گـەلْ لايەنى پەيوەنديداروپسپۆرى مەركەزيى فيدرالْيشدا ريْك بخەن.

٢-مۆركردنى گريْبەستيى نەوت و گازو موشتەققاتى ديكە، دواى رەزامەنديى سـەرۆكى ئەنجومـەنى وەزيران .

٣-بەركارخـستن و سەرپەرشـتيكردنى ئـەو گريْبەسـتييە نەوتيانـەى كـە بـۆ وەبـەرهيْنان و سوودليْوەرگرتنى سامانى پەترۆلْ لەگەلْ كۆمپانياكانى نەوتى جيهانيدا مۆركراون.

٤-كۆكردنـەوەى هـەموو ئـەو زانيـارى وبەياننامـە وليْكۆلْينـەوە جيۆلـۆجى و جيۆفيزيـايى وجيۆكيميايييانە كە تايبەتن بە گواستنەوەو پالاْوتنى نەوتى خاوو بە سـەنعەتكردنى گـازو گواسـتنەوەو دابەشكردنى بەروبومى نەوت وپترۆكيميايى هەريْم، هـەروەها ئەوانـەش كـە بەشـيْوەيەكى ناڕاسـتەوخۆ پەيوەندييان بـە هەريْمـەوە هەيە،پيْويستيـشە تـەبويب بكـريْن وتاقـت بكـريْن و بپـاريْزريْن بەوشـيْوازە پيْـشكەوتووانەى لـە سـەنعەتى نـەوتى جيهانيـدا بـەركارخراون ، تـا سووديـشيان لـىْ وەربگـيرىْ لـە پرۆژەگەل و ئيش وكارى هەريْمدا وبشپاريْزريْن.

٥-دووبارە هەلْسەنگاندنى يەدەگى نەوت و گاز لە هەريْمدا، لەبەر رۆشنايى سەرهەلْداوى نوىْ تيۆر( بيردۆز) وشيْوازگەلى تازە.

٦-دانـانى پلانيْكـى سـتراتيژيى دوورخايـەن و يەكديتەواوكـەر(متكامـل) بـۆ دامەزرانـدن و بەرەوچاكتربردنى سەنعەتى گازۆپترۆكيميايييەكان لە هەريْمدا.

٧-پالْپـشتى وچـاوديْريكردنى فرمـانى ليْكۆلْينـەوەى زانـستى زەوى وخـاك وسـەنعەتى نـەوت وگـاز وپترۆكيميايييەكان لە زانكۆ وپەيمانگاكانى هەريْمدا، هەروەها ، بابەتى ليْكۆلْينەوەو ئەوەلـەوييەتيان بـۆ فەراهەم بكرىْ.

٨-كۆشش بۆ ئەفراندنى كاديرگەلى پـسپۆر لـە بـوارى نـەوت وگـاز و پترۆكيميايييەكانـدا، هـەروەها مەشقدان و بەرەوچاكتر بردنيان لەناوەوەو لە دەرەوەى هەريْمدا.

٩-بـــەدوا داچـــوونى پيْـــشەڤەچوون وســـەرهەلْداو ى نـــوىْ ومونجـــەزات لـــە بـــوارى نـــەوت وگازوپترۆكيميايييەكانداو، فيْربوون وگواستنەوەى وەستايى و شارەزايى و تـەكنۆلۆژياى هاوچـەرخ ولـە بار بۆ هەريْم.

**مـاددەى شـەشـەم:**

ريْكخستەى پەيكەرەكەى: ئەم دەستەيە لەم بەڕيْوەبەراتيەگشتييانەى خوارەوە پيْكديْت:

١-بەڕيْوەبەرايـەتى گـشتيى كـۆلْين: لـە بەشـى ئەنـدازەى كـۆلْين وجيۆلۆجيـاو ئەنـدازەى نـەوت (حەشارگاكان) وحاسيبە ئەلكترۆنيەكان پيْك ديْت.

٢-بەڕيْوەبەرايەتى گشتيى عەمەلييات: لە بەشـى ڕەنيْوهـانين(الانتـاج)و وەبازاڕگەيانـدن وكـۆنترۆلْ وتەركيزو ويْستگەكانى دابڕكردنى گازو لوولوكان وويْستەگەكانى پالْنان (الضخ) وخەزنكردن پيْك ديْت.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

٣– بەڕێوبەرایەتی گشتیی کاروباری ئەندازەیی: لـە بەشـەکانی کارگـەکانی مەرکـەزی ونـەقلییات و وەرشە میکانیکییەکان وئەندازەی پەیوەندیکردن وئامێری وردو دیاریکردنی ئامێروئامرازو کۆنترۆڵ پێك دێت.

٤–بەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی کاروبـاری ئیـداری: لـە بەشـەکانی تایبـەت بـە ئیـدارەی فرمانبـەران وکاروباری یاسایی ونیشتەجێکردن پێك دێت.

١–بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری دارایی وبوجە: لە بەشەکانی حاسـبە وبوجـەو کۆگـاو کـۆنترۆڵ ومشتەرەیاتی دەرەوەو ناوەوەو تەدقیق پێك دێت.

٢–بەڕێوبەرایەتی گشتیی پۆلیسی پاراستنی نەوت: لە بەشەکانی تایبەت بە پاراستنی دامودەزگـای نەوت وئەفرادو موڵك وماڵی دەستەکە پێك دێت.

**مـاددەی حـەوتـەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە کادیرگەلی وەزیفی دابمەزرێنێ، تـەنیا راوێـژکارو بەڕێوەبەرەگشتیەکان نەبێ کە سەرەك وەزیران دایاندەمەزرێنێ.

**مـاددەی هـەشـتـەم:**

تەشکیلاتی کاروباری نەوت وگاز لە وەزارەتی پیـشەسازی وکارەبـا دادەبڕدرێـت وبـەم دەسـتەیەوە دەبەسترێ.

**مـاددەی نـۆیـەم:**

سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆی هەیـە رێنماییگـەلی پێویـست بـۆ سـانا بەرکارخـستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**مـاددەی دەیـــەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتەبەرکار.

**مـاددەی یـــازدە:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.کـمال عبدالكـريـم فـؤاد**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیـی**
**کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com